


# ئاراستەی باکوور، بەرەو خوارەوە

ڕامیار محەمەد
(ئەڵمانیا)

**بەشی یەکەم: تابووتە جووڵاوەکە**

ئەو بەیانییە، هەموو شتێک ڕەنگی خۆڵەمێشی بوو، تەنانەت گەڵاکانیش، چیتر زەرد نەبوون و وەکوو فەرشێکی خۆڵەمێشی بەسەر شەقامەکاندا ڕاکشابوون، خۆڵەمێشییەکی قورس و مات، وەک سووتووی جگەرەیەکی تەڕ لەناو تەپڵەکێکی شکاودا. ئاسمان، دیوارە ساردەکانی شوقەکە، تەنانەت ئەو هەوایەی هەڵمدەمژی، هەستم دەکرد خۆڵەمێشێکی تەڕ و قورسی تێدایە کە وەک تۆزێکی ژەهراوی لە قوڕگمدا دەنیشت. لە ئەڵمانیا، کاتێک نەخۆش بیت، شارەکەش لەگەڵتدا نەخۆش دەکەوێت؛ کووچەکان تەنگتر دەبنەوە، باڵەخانەکان وەک ئەوەی لار ببنەوە دەردەکەون، سێبەری دارەکان وەک پەڵەی شێرپەنجە بەسەر زەوییە تەڕەکەدا بڵاودەبنەوە. لەشم وەک پارچە ئاسنێکی داخوراو قورس بووبوو، هەر جووڵەیەک، هەر هەنگاوێک، هێندە قورس بوو وەک ئەوەی بارێکی ئاسنم بە شانەوە بێت. گەرمییەکی ساردیش، وەک مارێکی بچووکی بێ کاژ، بە هێواشی و بە بێدەنگی بە درێژایی بڕبڕەی پشتمدا خۆی دەخشاند و سڕییەکی ناخۆشی لەدوای خۆی جێ دەهێشت. دەبوو بەرەو باکوور بڕۆم، بەڵام لەوە نەدەچوو بڕۆم، بەڵکوو ڕۆیشتن زیاتر وەک کەوتنە خوارەوەیەک وا بوو بۆ من.

دەبوو بڕۆم، ئەمە تاکە ڕاستییەکی ڕوون بوو لەناو ئەو تەمومژە چڕەی مێشکمدا. ڕستەیەکی سادە و دڕندانە، وەک فەرمانێکی سەربازی کە هیچ جێگەیەکی بۆ پرسیار تێدا نەدەهێشتەوە.

گەشتێک بۆ میونخ، بۆ کارێک کە هێندە گرنگ بوو، نەخۆشی و بێهێزیی من لە ئاستیدا وەک سکالآیەکی منداڵانە دەهاتە پێش چاو.

پاسەکە وەک تابووتێکی جووڵاو لە وێستگەیەکی بچووک و فەرامۆشکراودا چاوەڕێی دەکرد. بۆنی پلاستیکی سووتاو و هەناسەی خەڵکی تێکەڵ بە بۆنی شێی کورسییەکان بووبوو. کاتێک چوومە ناوەوە، وا هەستم دەکرد چوومەتە ناو سییەکانی گیاندارێکی پیر و نەخۆشەوە. لەسەر کورسییەکی تەنیشت پەنجەرەکە دانیشتم، کورسییەک کە لە من ساردتر بوو، وەک ئەوەی ساردییەکەی لە ئێسقانەکانی منەوە هەڵمژرابێت. پەنجەرەکە بە چینێکی تەنک لە هەڵمی سارد داپۆشرابوو، وێنەی دەرەوەی شێواندبوو؛ دارە ڕووتەکان وەک ئێسکی پەنجەی مردوویەک بوون کە لە دواهەوڵی بێهوودەییاندا بەرەو ئاسمان درێژکرابوون. ڕێک لە سەرووی کورسییە چۆڵەکەی تەنیشتم، دڵۆپی باران بە ڕیتمێکی بێزارکەر و نەگۆڕ دەیدا بە بنمیچی پاسەکەدا، ئەو بەشەی کە شووشە بوو و من دەمبینی. تک... تک... تک، وەک کاتژمێرێکی شکاوی نائومێد، تەنیا یەک چرکەی لەبیرمابێت و بەردەوام دووبارەی بکاتەوە.

نیوەی چاوەکانم کرانەوە و بەناو کابینەکەدا گێڕام. چەند ڕوخسارێکی ماندوو، چەند سەرێکی شۆڕبووەوە، هەریەکەیان لەناو جیهانی خۆیدا نوقم بووبوو. هەموویان وەک من، دەستبەرداری خۆیان بووبوون لەم گەشتەدا. لە گۆشەیەکدا، چەند کورسییەک ئەولاوە، پیرەمێردێک سەری لەسەر شانی خۆی دانابوو، خەوێکی قووڵ بردبوویەوە. خەو نەبوو، زیاتر لە کۆما دەچوو. هەناسەکانی قورس و دەنگدار بوون، وەک ئەوەی لەژێر ئاودا خەریکی ململانێ بێت بۆ هەناسەیەک کە هەرگیز پێی ناگات. جلە کۆن و ڕەنگ هەڵبزڕکاوەکانی، چرچیی قووڵی دەموچاوی و ئەو دەستە گرژانەی کە لەسەر ئەژنۆی دانابوو، چیرۆکی ژیانێکی دوورودرێژیان دەگێڕایەوە کە من نەمدەویست گوێی لێ بگرم. لەناکاو، بەبێ ئەوەی بەتەواوی چاوەکانی بکاتەوە، کەمێک سەری سووڕاند و نیگایەکی لێڵی ئاراستەی من کرد. لێوە وشکەکانی جووڵان و زەردەخەنەیەکی سارد و بێ گیانیان نەخشاند. هەستم کرد دەیەوێت شتێک بڵێت، بەڵام تەنیا چرپەیەکی ناڕوون لە قورگییەوە دەرچوو، وەک دەنگی پەڕەیەکی کۆن کە لە کتێبێکدا دەدڕێت پاشان دیسان سەری شۆڕ بووەوە.

تک... تک... تک، قەترەی ئاوەکە بەردەوام بوو. ڕیتمەکەی خەریک بوو مێشکم کون بکات. هەر تکەیەک، وەک چەکوشێکی بچکۆلانە بوو کە لە ناوەڕاستی کەللەسەرمی دەدا.

چاوەکانم داخست. گەرماکە زیاتر بوو. هەستم دەکرد خوێنم لەناو دەمارەکانمدا خەریکە دێتە کوڵ. لەپڕ، لەناو ئەو تاریکییەی پشتی پێڵووەکانمدا، هەستم بە بۆنێکی ناسیاو کرد. بۆنێک لەقووڵایی یادەوەرییەکانمەوە هات. بۆنی تووتن و ئەو دەرمانە تاڵەی کە باوکم لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا دەیخوارد. بۆنێک هەردەم تێکەڵی دەکردی بە هەستی تاوانباری و بێدەسەڵاتی. کاتێک چاوم کردەوە، هەموو شتێک گۆڕابوو. ڕەنگی ناو پاسەکە شینێکی مات بوو، وەک ڕەنگی ژوورە کۆنەکەی باوکم. پیرەمێردەکە نەمابوو. لە شوێنی ئەو، باوکم دانیشتبوو، بەڵام لە تەمەنێکی گەنجتردا، بەو کراسە شینەوە کە هەمیشە لەبەریدا بوو کاتێک لە کار دەگەڕایەوە. ڕوخساری وەک هیی من

زەرد هەڵگەڕابوو، چاوەکانی کز و ماندوو بوون، وەک دوو چرای کز لە شەوێکی تەمومژاویدا. بە دەنگێکی لاواز و بێتواناییەکەوە، وەک ئەوەی لەوپەڕی بیرێکی قووڵەوە بێت، چرپاندی:

«ئاگاداری ژووری سێیەم بە.»

جەستەم سڕ بوو. هەناسەم لە سینگمدا گیری خوارد. ویستم شتێک بڵێم، پرسیارێک بکەم، بڵێم «بۆچی؟»، بڵێم «مەبەستت چییە؟»، بڵێم «بۆ بەجێت هێشتین؟»، بەڵام زمانم قفڵ بووبوو. وەک پارچە گۆشتێکی مردوو لەناو دەممدا کەوتبوو. تەنیا توانیم سەیری بکەم، سەیری ئەو چاوانە بکەم کە پڕ بوون لە نیگەرانییەکی بێناو. ئەویش تەنیا سەیری دەکردم، وەک ئەوەی چاوەڕێی وەڵامێک بێت بۆ پرسیارێک کە هەرگیز نەیپرسیبوو. هەستم دەکرد لەنێوانماندا ساڵانێک لە قسەی نەکراو و پەشیمانیی بێدەنگ کەڵەکە بووبوون، پاشان وەک مۆمێک کە دەکەوێتە بەر ڕەهێڵەیەک، وێنەکەی لەبەرچاومدا دەستی بە لەرزین و لێڵبوون کرد.

چاوەکانم بۆ چرکەیەک داخست و کردمنەوە.

پیرەمێردەکە لە شوێنی خۆی بوو، دیسان سەری بەسەر شانییەوە شۆڕ بووبووەوە و هەناسە قورسەکانی دەستی پێ کردەوە. وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت. تەنیا من و دڵۆپی بارانەکە نەبێت کە ئێستا خێراتر دەتکا. تک، تک. وەک دڵی مرۆڤێکی ترسنۆک کە لە تاریکیدا گوێی لە دەنگی پێ دەبێت. پاسەکە بەناو ڕێگەیەکی بێکۆتاییدا دەڕۆیشت و منیش لەناو خۆمدا ون بووبووم، لەنێوان یادەوەرییەکی ژەهراوی و ئێستایەکی نەخۆشدا.

**بەشی دووەم: گێژاوی دەنگەکان و تۆپە سوورەکە**

لە کۆتاییدا پاسەکە لە جووڵە کەوت، لەرزینێکی کۆتایی بە لەشیدا هات و بێدەنگ بوو. وەک گیاندارێک لەدوای گەشتێکی درێژ و ماندووکەر، دوا هەناسەی بدات. دەرگاکە بە جیڕەیەکی ناخۆش کرایەوە و هەوایەکی ساردتر و شێدارتر هێرشی کردە ناوم. بەزۆر خۆم لە کورسییەکە هەڵکەند، هەستم دەکرد پارچەیەک لە خۆم لەسەر ئەو کورسییە ساردە جێ هێشتووە. کاتێک دابەزیم، وێستگەی شەمەندەفەرەکە وەک دەمی ئەژدیهایەکی کۆنکرێتی و ئاسنینی زەبەللاح دەمی کردبووەوە. بنمیچە بەرز و کەوانەییەکەی، ستوونە ئەستوورەکان و ئەو قەرەباڵغییەی کە تێیدا دەجووڵا، هەمووی هەستێکی بچووکبوونەوە و ونبوونیان پێ دەبەخشیم.

هەنگاوم نایە ناوەوە و دەستبەجێ لەناو گێژاوێک لە دەنگ و ڕووناکیدا ون بووم. دەنگی بڵندگۆکان بە شێوەیەکی میکانیکی و بێ هەست ناوی شار و ژمارەی دەروازەکانیان دووبارە دەکردەوە، هەرچەندە زمانەکە ئەڵمانی بوو، بەڵام وشەکان لە گوێمدا وەک کۆمەڵێک بڕگەی بێمانا دەزرنگانەوە، وەک ئەوەی لە خەونێکدا گوێت لە قسەی خەڵکی بێت، بەڵام تێیان نەگەیت. تابلۆ ئەلیکترۆنییە گەورەکان بە خێرایی ناوی شەمەندەفەر و کاتەکانیان دەگۆڕی، پیتی سپی و سوور وەک مێروولەی ڕووناک بەسەر شاشە ڕەشەکاندا دەجووڵان. هەموو شتێک لە جووڵەدا بوو، بەڵام جووڵەیەکی بێ ئامانج، وەک گێژاوێک کە هەمووانی ڕاکێشابووە ناو خۆی. منیش لەو ناوەندەدا وەستابووم، وەک خاڵێکی وەستاو لەناو گەردەلوولێکی جووڵاودا.

لە گۆشەیەکی وێستگەکەدا، لەژێر کاتژمێرێکی گەورەدا کە میلی کاتژمێرەکانی وەک دوو شمشێری تیژ بەسەر ژمارەکاندا دەسووڕانەوە، چاوم بە دیمەنێکی سەیر کەوت. کچێکی

بچکۆلـە، لەوانەیـە تەمەنـی پێنـج، یـان شـەش سـاڵان بووبێـت، بـە کراسـێکی سـپی سـادەوە لەنـاو ئـەو هەمـوو ڕەنگـە تـۆخ و ماتانـەدا وەک پەڵەیەکـی ڕووناکـی دەدرەوشـایەوە، یاریـی بـە تۆپێکـی سـوور دەکـرد. تۆپێکـی بچـووک و لاسـتیکی، بـەڵام ڕەنگەکـەی هێنـدە درەوشـاوە و زینـدوو بـوو چـاوی دەبردیـت. کچەکـە بـە هێمنـی تۆپەکـەی هەڵدەدایـە هـەواوە و دەیگرتـەوە، یـان بەهێواشـی بـە زەوییەکەیـدا دەدا و بەدوایـدا دەڕۆیشـت. قـژی ڕەشـێکی خـاو بـوو بەسـەر شـانەکانیدا هاتبـووە خـوارەوە و چـاوە گـەورە و ڕەشـەکانی بەوردییەکـی سـەیرەوە، سـەیری جووڵـەی تۆپەکەیـان دەکـرد.

قەرەباڵغـی و ژاوەژاوی وێسـتگەکە لـە دەوری ئـەو، وەک دیـواری دەنـگ بـوون، بـەڵام وا دەردەکـەوت کـە ئـەو لەنـاو بڵقێکـی بێدەنگیـی خۆیـدا بێـت. کـەس ئـاوڕی لـێ نەدەدایـەوە، وەک ئـەوەی تەنیـا مـن بتوانـم بیبینـم. بـۆ سـاتێک، لەنـاو ئـەو هەمـوو گێـژاوەدا، تەنیـا ئـەو کچـە و تۆپـە سـوورەکەی بوونـە جێگـەی سـەرنجم.

بـە شـێوەیەکی سـەیر، تۆپەکـە هەمیشـە بـەرەو ئاراسـتەی مـن دەهـات. کچەکـە بـە هێواشـی لێـی دەدا، بـەڵام تۆپەکـە وەک ئـەوەی هێزێکـی موگناتیسـی ڕایبکێشـێت، بەسـەر زەوییـە پیسـەکەدا خـل دەبـووەوە و لـە نزیـک پێڵاوەکانـم دەوەسـتا. منیـش بەبێدەنگی سـەیرم دەکرد. کچەکـەش، بەبـێ ئـەوەی هیـچ وشـەیەک بڵێـت، بەهێمنـی دەهـات، تۆپەکـەی هەڵدەگرتـەوە و بـە چـاوە گـەورە و بێگەردەکانییـەوە سـەیری دەکردم. نیگایەکـی قـووڵ و پرسـیارئامێزی هەبـوو، وەک ئـەوەی نهێنییەکـی مـن بزانێـت.

بـۆ جـاری سـێیەم، تۆپەکـە دیسـان بـەرەو مـن هـات و ئـەم جارەیـان ڕێـک بـەر پێـی ڕاسـتم کـەوت و وەسـتا. کچەکـە لـە دوورەوە وەسـتا بـوو، چاوەکانـی لەسـەر مـن جێگیـر کردبـوو. هەسـتم کـرد ئەمـە بانگهێشـتێکە. بـە ئازارێکـی زۆرەوە خـۆم چەمانـدەوە، جومگەکانـم وەک داری وشـک دەیانقیژانـد. کاتێـک دەسـتم بـۆ تۆپـە سـوورەکە بـرد، هەسـتم بـە گەرمییەکـی سـەیر کـرد. هەڵمگرتەوە. لەسـەر ڕووە لاستیکییە لووسـەکەیدا، بـە دەسـتوخەتێکی ورد و ڕێـک، وەک ئـەوەی بـە دەرزی نووسـرابێت:

«بۆچی لێرەیت؟»

خوێنـم لـە دەمارەکانمـدا بەسـتوویەتی. سـەرم بەخێرایـی بـەرز کردەوە بۆ ئەوەی سـەیری کچەکە بکـەم، بـەڵام دیـار نەمابوو. گۆشـەکە چـۆڵ بـوو. وەک ئـەوەی هەرگیـز بوونـی نەبووبێـت. تەنیـا مـن لـەوێ بـووم، بـە تۆپێکـی سـووری گەرمـەوە لـە دەسـتمدا و پرسـیارێک کـە لەنـاو مێشـکمدا دەزرنگایـەوە.

لەنـاکاو، هەمـوو دەنگەکانی وێسـتگەکە وەسـتان. ژاوەژاوی قەرەباڵغـی، دەنگـی بڵندگـۆکان، دەنگـی پێـی گەشـتیاران، هەمـووی وەک یـەک بـڕا. بێدەنگییەکـی کوشـندە باڵـی بەسـەر هەمـوو شـوێنەکەدا کێشـا. سـەرم وەرسـووڕاند، هەمـوو خەڵکـی ناو وێسـتگەکە، سـەدان کەس، وەسـتابوون و بەبێ جووڵە سـەیری منیان دەکرد. ڕوخسـارەکان بـێ هەسـت بـوون، چـاوەکان خاڵـی بـوون، بـەڵام هەموویـان ئاراسـتەی مـن کرابـوون. هەسـتم دەکرد بوومەتـە ئەکتـەری سـەرەکی شـانۆگەرییەکی ترسـناک کـە خـۆم ئـاگام لێـی نییـە.

ویسـتم هـاوار بکـەم، بـەڵام دەنگـم دەرنەدەهـات. تۆپـە سـوورەکەم لە دەسـتمدا گوشـی، گەرمییەکەی زیاتـر بـوو، وەک پارچـە خەڵووزێـک.

سـاتێک دواتـر، نازانـم بـۆ؟ بـەڵام وەک ئەبەدییـەت درێـژ بـوو، دەنگی تیژی شـەمەندەفەرێک بێدەنگییەکەی

شکاند. لەگەڵ ئەو دەنگەدا، هەموو شتێک گەڕایەوە باری ئاسایی. خەڵکەکە دیسان دەستیان بە جووڵە کرد، ژاوەژاو دەستی پێ کردەوە، وەک ئەوەی فیلمێک وەستابێت و دیسان کاری کردبێتەوە. کەس سەیری منی نەدەکرد. من دیسانەوە بوومەوە بە کەسێکی نەبینراو لەناو قەرەباڵغیدا.

تۆپە سوورەکە لە دەستمدا نەمابوو. نازانم کەی و چۆن ون بوو. تەنیا هەستی گەرمییەکەی لەناو لەپی دەستمدا مابووەوە. دەنگی شەمەندەفەرەکە نزیکتر بووەوە، منیش وەک کەسێکی خەواڵوو کە لە خەوێکی ناخۆشدا ڕێ دەکات، بەرەو شۆستەی ژمارە دوو بەڕێ کەوتم.

**بەشی سێیەم: جووڵەی نەگۆڕ بەرەو بێدەنگی**

پاشان شەمەندەفەرەکە، ئاه، شەمەندەفەرەکە کە وەک مارێکی ئاسنینی بێکۆتا لەناو تاریکیی تونێلەکەوە خۆی خزاندە ناو ڕووناکییەکی کزی وێستگەکە، دەنگێکی تیژ و ڕیتمی نەگۆڕی چەرخەکانی لەسەر ڕێڕەوەکان، دەنگێک کە نە سەرەتای هەبوو نە کۆتایی، تەنیا بوونێکی بەردەوام، بوونێکی میکانیکی کە هیچ گوێی بەو بارە قورسەی ناو مێشکی من نەدەدا، ئەو بارەی لە پاسەکەوە، لەو دڵۆپە ئاوانەوە، لە نیگا ساردەکەی پیرەمێردەکەوە، لەو وشانەی وەک ژەهر لە دەمی باوکمەوە هاتنە دەرەوە و لەو پرسیارەی کە لەسەر تۆپێکی سوور هەڵکۆڵرابوو، کەڵەکە بووبوو، هەموو ئەمانە، هەموو ئەم یادەوەری و وەهمانە، ئێستا لەناو ئەم کووپە بچووکەی شەمەندەفەرەکەدا لەگەڵمدا گیر بوون، کووپێک بۆنی قوماشی کۆن و تەپوتۆزێکی لێ دەهات کە ساڵەهای ساڵ بوو لەناویدا نیشتبوو، من لەسەر کورسییەکی ڕەق دانیشتبووم، ڕەق وەک بەردی گۆڕێک، لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، سەیری ئەو دیمەنانەی کە بەهۆی دڵۆپە بارانەکانەوە، وەک فرمێسکی ئاسمان بەسەر شووشەکەدا دەهاتنە خوارەوە، شێوابوون، دارەکان دەبوونە پەڵەی ڕەشی درێژ، خانووەکان دەبوونە شێوەی نادیاری لێڵ، هەموو جیهان لە دەرەوەی ئەم پەنجەرەیەدا وەک تابلۆیەکی ئاویی تێکچوو دەهاتە بەرچاو، وەک تابلۆیەک نیگارکێشەکەی لە نیوەی کارەکەیدا وازی لێ هێنابێت.

لە بەرانبەرمەوە، لەسەر دوو کورسیی هاوشێوەی هیی من، ژن و پیاوێک دانیشتبوون، بێدەنگ، وەک دوو پەیکەری کۆن لە مووزەیەکی فەرامۆشکراودا دانرابن، هێندە لە یەکتر دەچوون مرۆڤ بەزەحمەت دەیتوانی لێکیان جیا بکاتەوە، هەمان قژی ڕەشی خاو، هەمان چاوی بێ هەستی تاریک، هەمان پێستی سپی وەک گەچ، هەمان جلوبەرگی ڕەشی سادە، وەک ئەوەی دووانە بن، یان ڕەنگە یەک بوون بن و لە دوو جەستەدا دابەش بووبن، هیچ قسەیەکیان نەدەکرد، تەنانەت سەیری یەکتریشیان نەدەکرد، بەڵکوو هەردووکیان بە چاوێکی جێگیر و بەتاڵەوە سەیری ئەو مێزە بچووکەی نێوانیان دەکرد، ئەو مێزەی کە سێ کوپ قاوەی سپی لەسەر دانرابوو، سێ کوپ وەک سێ خاڵی سپی بوون لەناو ئەو ڕەشییەی کە باڵی بەسەر مێزەکەدا کێشابوو، بەڵام تەنیا دووانیان قاوەیان تێدابوو، قاوەیەکی ڕەشی قەترانی کە هەڵمێکی تەنکی لێ هەڵدەستا، سێیەمیان، ئەوەی ڕێک لەبەرانبەر مندا بوو، خاڵی بوو، خاڵییەکی سپی و پاک، وەک چاوەڕوانییەک، وەک بانگهێشتێکی بێدەنگ، منیش، بەبێ ئەوەی بزانم بۆچی، نەمدەتوانی چاوم لەسەر ئەو کوپە خاڵییە لاببەم، هەستم دەکرد چارەنووسی من، کۆتایی

ئـەم گەشـتە، بەنـدە بـەو کوپـەوە.

بەبـێ هیـچ ئاگادارکردنەوەیـەک، دەرگایـەک لـە بنـی کوپەکـەوە بـە هێمنـی کرایـەوە. پیاوێـک بـە جلێکـی سـپییەوە، سـپییەکی پـاک، هاتـە ژوورەوە، سـەرەتا وامزانـی پشـکنەری بلیتـە، بەڵام وا نەبـوو، جلەکانـی لـە هیـی پزیشـکێک دەچـوو، یـان ڕەنگـە پەرسـتارێک، ڕوخسـارێکی ئـارام و بـێ هەسـتی هەبـوو، وەک ئـەو کەسـانەی ڕۆژانـە مامەڵـە لەگـەڵ ئـازار و مەرگـدا دەکـەن، سـەیری ژن و پیاوەکـەی نەکـرد، بەڵکـوو ڕاسـتەوخۆ سـەیری منـی کـرد، نیگایەکـی تیـژ و سـارد وەک نەشـتەرێک بەنـاو تەمومـژی مێشـکمدا تێپـەڕی و بـە دەنگێکـی هێمـن و ڕوون، دەنگێـک هیـچ سـۆزێکی تێـدا نەبـوو، وتـی:

«ژووری ژمارە سێ ئامادەیە.»

مـن، لـەو ساتەدا، لەنـاو ئـەو لەرینـەوە نەگـۆڕەی شـەمەندەفەرەکەدا، تێگەیشـتم کـە ئەمـە میونـخ نییـە، ئەمـە وێسـتگەی کۆتایـی نییـە، ئەمـە تەنیـا دەروازەیەکـی دیکەیـە. بەبـێ ئـەوەی هیـچ هێزێکـی بەرگریم تێدا مابێت، هەستام و بەرەو ئەو کورسییە چۆڵـە ڕۆیشـتم، کاتێـک دانیشـتم، شـەمەندەفەرەکە بـە لەرزینێکـی کـورت وەسـتا. دەرگای کوپەکـە دووبـارە کرایـەوە و ڕووناکییەکـی سپی بەهێـز هەموو شـوێنەکەی داگـرت، ڕووناکییـەک پێدەچـوو هەمـوو شتێک بسڕێتەوە. بۆ ساتێک، هیـچ شـتێک نەبـوو، نـە دەنـگ، نـە ڕەنـگ، نـە کات، پاشـان، وردە وردە، لەنـاو ئـەو ڕەنگـە سـپییەدا، دەنگێـک دەسـتی بـە دروسـتبوون کـرد. دەنگێکـی ناسـیاو و بێزارکـەر. تـک... تـک، کاتێـک چاوەکانـم کـردەوە، خـۆم لەنـاو پاسێکدا بینییـەوە، لەسـەر کورسـییەکی سـارد دانیشـتبووم کـە بۆنـی پلاسـتیکی سـووتاوی لـێ دەهـات. لـە پەنجەرەکـەوە، دارە ڕووتەکانـی شـارۆچکەکەمم دەبینـی لـە ئێسـکی پەنجـەی مردوویـەک دەچـوون کـە لـە دواهەوڵـی بێهوودەییانـدا بـەرەو ئاسـمان درێژکرابـوون. لـە بنمیچی پاسـەکەوە، ڕێـک لەسـەر کورسـییە چۆڵەکـەی تەنیشـتم، دڵۆپـی بـاران بـە ڕیتمێکـی نەگـۆڕەوە دەیـدا بـە بنمیچـی پاسـەکەدا. لەشـم وەک پارچـە ئاسـنێکی داخـوراو قـورس بووبـوو، گەرمییەکـی ساردیش وەک مارێکـی بچـووک بـە پشـتمدا دەخـزا. لـە گۆشـەیەکدا، پیرەمێردێـک سـەری لەسـەر شـانی خـۆی دانابـوو، خەوێکـی قـووڵ بردبوویـەوە.

دەبـوو بـڕۆم، ئەمـە تاکـە ڕاسـتییەکی ڕوون بوو، لەنـاو ئـەو تەمومژەی مێشـکمدا.

٢٠٢٥/١٠/١٩

بایرۆیت